KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
18-7-2007 17:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نەسیر ئیبراهیم تیتە و هادی مەهدی... جەلال ڕەووف ئەمین



سالّی 2002 کە کۆنفرانسێکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە لەندەن بەسترا برایەکی عەرەب وتارێکی نایابی کوردانەی خوێندەوە، لە پرسیار و بەدوادا چونمدا بۆم دەرکەوت ئەم برا ڕەسەنە لە دوای پرۆسەی ئەنفالەوە حاشای لە عارەب بونی خۆی کردووە*، پێویستە ئاماژە بەو ئەستێرە گەشانەی ناو تاریکترین ئاسمانی دژایەتی کورد بدرێت کە بەهەق نەسیر ئیبراهم ناسراو بە (بەرزان عەرەب) پێشمەرگەی دێرینی پارتی یەکێکە لەو ئەستێرانە، سالّی 1986 لەناو هاوڕێیانی حیزبی شیوعیدا بوم چاوەڕوانی هاتنی هێزەکانی پارتیم دەکرد بۆ سنوری قەرەداغ و شارەزور، کاتێک ناوچەی سلێمانی هاتن و لە گەڵیاندا تێکەڵ بوم بینیم عەرەبێکیان ناوناوە بەرزان و پێشمەرگەی ناوچەیشە بەڵام کوردی نازانێت بەبێ دەربڕینی ڕوبڕو من زۆر بەدگومان بووم بەرامبەری، سالّی 1987 لەگەڵ شەهید سەلاح چاو شیندا بڕیارماندا دوبەدو بە ڕۆژ بچینە سەر جادەی عەربەت-سلێمانی بە نیازی چالاکی کردن، لە ڕۆیشتنماندا لە دێی قسرتی خوارو ڕەت ببوین دوو کەسمان بینی لە پشتەوە بەرەو ئێمە دەهاتن، کە نزیک بونەوە بەرزان عەرەب و معاون کەمال بون ئەوان وتیان زانیمان ئێوە بۆ چالاکی دەچن ئێمەش دێین، بەو جۆرە چوینە سەر جادە و دوو جاشی خەڵکی پێنجوێنمان بەدەیل گرت، بەرزان ئەیوت با نەگەڕێینەوە و شتێکی تر بکەین لەو ڕۆژەوە بەرزانم وەک عەرەبێکی ئازای مرۆڤ دۆست دەبینی، لە ڕێگەی کوردستان نێتیشەوە کەسایەتی ڕوناک بیر بەڕێز هادی مەهدی وەک بەرزان دەبینم لە چالاکی کردنیدا بۆ پاراستنی شکۆی ئاسایشی کوردستان، هەرچەند وادەزانرێ کە چالاکیەکەی کاک هادی لەکارخرابێ و شەهید بوبێ، بەڵام من دەڵێم پەیامی ئاریا بە هزری هەمووان گەیشت و ڕاگرتنیشی بووە هۆی مانەوەی بە نەمری، دەبا هەموو ئەو ئەستێرانەی لە تاریکیەوە هەڵدێن جێگەی ڕێز و ستایش بن.

*ناوی ئەو برا عەرەبەم بیر نەماوە

garmyan@hotmail. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.